## پیامی ئەشرەف دێهقانی بۆ جەماوەری ژێر ستەم، ژنان و پیاوان، لاوانی جەنگاوەر و ئینقلابی ئێران

بە دڵێکی پڕ لە قین و توڕەیوە بەرابەر بە دوژمنانمان، سلاو لە ئێوە کارگەران، زەحمەتکێشان و هەموو ستەملێکراوانی شوڕشگێری ئێران، لە ئێوە ئەی لاوانی خەباتگێر، بە تایبەت ژنانی ئازا و جەنگاوەر، کە سەرەڕای هەموو چەشنە هەلو مەرجێکی پۆلیسی، باخەبەر بوون ئێوە لە وەحشیگەریەکانی بە کرێگیراوانی ڕەژیمی کۆماری ئیسلامی، بە ئازایەتیکی بێ وێنە و شایانی ڕێز، خیابانەکانی سەراسەری وڵاتتان کردوتە مەیدانی جەنگ لە گەڵ دوژمندا.

لە هەل و مەرجێکدا کە کۆمەڵگای ئێران خەریکی تەقینەوە بوو، کوژرانی کچێکی کورد، (ژنیا ئەمینی) کە بە دستی بە کرێگیراوانی "گشت ارشاد" لە زندانی ئەو رێکخراوە سەرکوتگەرە لە تاران خوێنی ڕژا، بوو بە بەڵاچەیەک بۆ گڕ سەندنی ئاگرێکی گەورە کە تەواوی ئێرانی تاڵان کراوی داگیر کرد. ئاگرێک کە تەنیا بە گوڕانکاریکی قوڵی ئابوری و کومەڵایەتی، واتە ئینقلابێکی سوری سەرکەوتوانە نەبێ ناکوژێتەوە. شۆڵەکانی ئەم خەباتە ئەگەر لە پێشدا لە تاران و سقز گڕی سەندو بەرز بووەوە، ئیستا سەراسەری وڵاتی داگیر کردوە.

## جەماوەری ئینقلابی ئێران!

خەڵکانی ستەم لێکراوی جیهان، ئەمڕۆ شایەتی پیشانگاکانی زۆر شکۆداری و قارمانیەتی ئێوەن. خەبەرداری کردەوەی بێباکانە و ئینقلابی ئێوە ژنانی ئازادیخوازن، هەر لە کچی لاو و کەم تەمەنوە بگرە تا پیرەژنەکان بە موی سپیەوە، بو لابردن و فەرەدانی لەچەک و ڕوسەری (حجاب) کە نیشانەی دیلیەتی ژنە، لە پێش چاوی هیزی سرکوتگەر کۆماری ئیسلامی، بە ناوی "گشت ارشاد"،

هەر ئەو کەسانە کە لە ساڵی ١٣٥٨ بۆ بتەوە کردنی بناغەی ڕەژیمی ژێردەستەی ئیمپریالیزم واتا کۆماری ئیسلامی، لە سەر خیابانەکان بزماری سەرپانیان ئەچەقانە توێڵی ژنانی بی ڕوسەری و بە تیخی ژلیت خەتیان ئەکێشا بە ڕۆمەتیانا. شایەتی بەر هەڵستی ڕقو قیناوی جوانەکانمان لە گەڵ بە کرێگیراوانی ڕژیم چە لە جلوبەرگی مەدەنی و چە بە یونیفورمەوە، هێرشیان بۆ سەر شوێنە و بارەگاکانی سەرکوتگەری جمهوری ئیسلامی، ئاگر تێبەردانی پایەگاکانی پۆلیس، دەست بە سەرا گرتنی فەرمانداری، کەلانتری، شارەداریەکان و دەفتەری ئیمام جومعەکان. شایەتی خەباتی هەرە بێباکانە و قارمانانە و تەن و تەن ئێوەن کە بە دەستی خاڵی لە بەرانبەر نۆکەرە وحەشی و بی ڕەحمەکانی ژڕیمی حاکم. هەموو چەوساوەکان و ستەم لێکراوەکان و خەڵکی ئازادیخواز، لە هەموو شوێنێک کە هەن لەم ئاخێزە بێباکانە کە نیشانەی دەرجەی زانیاری و فامی ئیمقلابی جەماوری ئیمەیە، هیوا بە داهاتوی ڕوناک تێدا ئەبێنرێت.

بلێسە سەندنی هەرچی زۆرتری، تورەی جەماوری ژێر دەسەڵات و ستەم لێکراوی ئێمە، لە دوا ڕۆژەکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١، سەرچاوە و ڕیشەکەی لە خەباتی توندو تێژی چینایەتی کۆمەڵگای ئێران وەرگرتوە، وە نزیکترینیان لە ئاخێزە گەورەکەی ساڵێ ١٣٨٨ خوی پیشان دا. دوا بە دوای ئەم ئاخێزە، ڕاپەڕینەکانی مانگی بەفرانبار ساڵی ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨، جەماوەری، دەست لە گیان شۆردو، بە شۆرشیکی مەزن دژ بەو دۆخە کە تیا ئەژیان، ڕژیمیان خستە ناو گێژە لولێکی واوە کە ناچار بوو، ڕومەتی جەنایەتکارانەی خوی دەرخات و تەنانەت، بە دواکەوتوترین توێژەکانی خەڵک پیشانیدا. ئەم ئاخێزە قارەمانانە و بەردوامی خەباتی چینایەتی لە شکڵو قەوارە جۆراوجۆردا، کوماری ئیسلامیان رۆبەڕوی تەنگوچەڵەمەی ڕەوای (مەشروعیت) سەخت و توند کردوە. تا ڕادەیەک کە سەرەڕای فێڵو درۆ کە سرووشتی تایبەت

ڕژیمە، دەستی دایە پروپاگەندی، ریاکارانە و میدیای یارمەتی دەری لە دەروەی وڵات، هێشتا چەکەکانی فریو و ڕیای بەرانبەر بە جەماوەر ژنگییان هێناوە و خەڵک فریویان نەخوارد و هەموو کەس زانی کە ئەم ڕژیمە تەنیا بە زوانی رق و قین دژ بە ئینقلاب نەبی توانای وتووێژ لە گەڵ جەماوردا نیە.

ئێمە ئەمڕۆ شایەتین، لە ئاخێزی ئاخرجاری جەماوەری بێباکی ئێران، لە خەباتی قارەمانانەی خویان ئازمون و دەرس وەرئەگرن. ئەم ئەمرە چ لە همەلایەن بوونی درۆشمە ئینقلابی و ڕادیکاڵی پێشو لە خۆپیشاندان و چ بزوتنەوەکانی خەڵک بەرانبەر بە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم خۆی نیشان داوە. ئەم ڕۆژانە ئیتر دروشمەکانی "مرگ بر جمهوری اسلامی" و "جمهوری اسلامی نابود باید گردد" "جمهوری اسلامی نمی‌خوایم نمی‌خوایم" لە خۆپیشاندانی جەماوەردا ئەگاتە گوێیمان، تا ئەو جێگایە کە لە ناو میدیاکاندا بی بی سی کە پێشتر تەنیا درۆشمی "مەرگ بر دیکتاتوری" بەڵاو ئەکردەوە، ئیستا مجبورە تەنانەت درۆشمێک کە بۆ یەکمین جار لە لاین خوێنکارانی خەباتگێری زانستگای تاران هاواریان ئەکرد "گشت ارشاد بهانە است - اصل رژیم نشانە است." بەڵاو کاتەوە.

سەبارەت بە جموجۆلی هێزە ئینقلابیەکان لە مەیدانی خەباتدا، ئەگەر لە ئاخیزی ساڵی ١٣٨٨دا سەرەڕای لە بەرچاوگرتنی، بەڵاو بوونەوەی هندێک بیروباوەڕی ڕفورمیستی ساویلکە، وە دوری کردن لە توورەی ئینقلابی یا ووتەی ئەوان (خشونت) کاتێ کە برێک کەس بە کرێگیراوەکانی بەر ئەدا، ئێمرۆ بەڵام جەماوری ئینقلابی ئێمە، ئەزانن کە هێزەکانی دوژمن بە بێ هیچ لێبوردنو ڕەحم پێ کردن، ئەبێت ئەجۆرە کە شایانی خوێن ڕێژ و پاسەوانەکانی باردوخی نکبت باری دەسەڵات ئەبێت سزا بدرێن. هەر ئەمە ئەبێتە هۆی ترسان لە توڵە سەندنی خەڵک و دوو دڵی لە ناوی ڕیزی سەرکوتگەراندا.

ئەبێ قورس پێداگرین، کە هیزەکانی سرکوتگەری ئیستا، تەنیا پارێزەری کوماری ئیسلامی نین بەڵکو لە بنەڕەتدا پشتیوانو لایەنگری سەرمایەداری کە دۆستی ئیمپریالیزمی غارەتگەر لە ئێراندان و پاسەوانی بەرژەوەندی ئەوانن لە ئێراندا. لە ڕاستیدا، ئەم چەوسێنەرانە کە هەژاری و کولۆڵی جوراوجوریان داسەپاندوە بە سەر کریکارانو جەماوەریتری ستەم لێکراوی ئێران و خوێنی خەڵکیان کردەوتە شوشەوە، بە بێ هێزی چەکدارەکانیان، هەر لە ئەرتش بگرە تا سپای پاسدارانو و بەسیج و جاشو هتد، تەنیا یەک ڕۆژ توانای دەسەڵات داریان بە سەر کۆمەڵگادا نیە.

حەقیقەت ئەمەیە، کە بیانووی سەرکی خەباتی خەڵک دەستوەیەخە بوونو شەڕی خیابانی، چە لەم ڕۆژانەدا چە لە ڕابوردودا، لە مەسەلەیەکی ئاشکرادایە و ئەوەش ئەمەیە کە بەرژەوەندی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە دژی بەرژەوەندی هندیکی سەرمایەدارە، ئەوانەی کە بە چەوسانەوەی کرێکاران و غارەتی سەرچاوە سروشتیەکان، واتە لە سەر سەروەت و سامانی هەموو خلکەکانی ئێران ورگیان زل کردوە. ئەوانەی کە هەلومەرجی، ژیانی زۆرینەیان کردوەتە جەهنەمو داواکاری درێژە پێدان بە توندو تێژی زاڵمانەی ئیستان. ئەم چوسێنەرانە هێشتا، ئەگەر لەبەرابەر جەماوەر مەجبور بن کە دوکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوبەرنو ڕژیمێکی نائاینی (سکولار) بێرنە سەرکار، هیچ کاتێک دەس لە مشەخۆری ولاوورگەی هەڵناگرن. بەتایبەت، سیستەمی سەرمایەداری جیهانی کە غەرقە لە گیروگرفتی سیاسی و تەنگوچەڵمەی ئابوری، مانەوەی ژیانی خۆی تەنیا لە سەپاندنی زیاتری هەژاریو کڵۆڵی بە سەر زۆرینەی خەڵکدا ئەبینێت.

هەرلەبەر ئەم،زۆر گرنگە، لە بیرمان نەچێت کە سەرمایەدارەکان چە لە کوماری ئیسلامی و چە بێ ئەوان، بێ سەپاندنی جەنگێکی تەواو عەیار بە سەر خەڵکی

ئێمەدا، لە سەرکوت کردنو جەنایەت دەست هەڵ ناگرن. یا ئەبێ ئەو پەستی و دوخە نەکبەتباری کە سەپاندراوە قەبوڵ کەن، یا هەر بەم جورە کە ئێوە خەڵکانی لێهاتوو قارەمانی ئێران ئیستا نیشانی ئەدەن، ئەبێ بە بێ برانەوە جەنگ بە مەبستی نابودی سیستەمی سەرمایەداری ئەوان دەست پێبکرێت. ڕونە کە ئەو دروشمانە کە جەماوەری ئیستا ئێمە هەڵیان بژاردوە و لە خۆپیشاندانەکاندا ئەیڵێن، وەک "وای بە روزی کە مسلح شویم" یا "ما زن و مرد جنگیم، بجنگ تا بجنگیم" یا "میکشم، میکشم آنکە برادرم کشت" کە لەم رۆژانەدا بە دروشمی "میکشم، میکشم هر آنکە خواهرم کشت" تەواوتر کرواوە، ئەمانە هەموو نیشانە ئەوەیە کە جەماوەری جەنگاوەری ئێمە گەیشتونەتە ئەوەی کە پێویست بە هەڵگرتنی چەکە و ئارەزو و خواستی ئەوان ئەوەیە کە هەلسن بۆ خەباتی چەکدارانە دژ بە دوژمنانمان.

بەڵام لاوازی خەڵکی ئێمە ئەمڕۆ نەبوونی ڕێکخراویکی کمونیست وەک ڕێکخراوی "چریکە فدایەکانی خەڵک"ی ساڵەکانی ٥٠ هەتاویە. پێشینان لە کۆنەوە ووتویانە "چارەی ڕەنجبەران یەکیەتی و ڕێکخراویکە" هەر لە بەر ئەم گرنگیە، کریکاران رەنج بینیو وە زەحمەتکێشانی زوڵم لێکراو وە جەماوەری ستەم لێکراو، ئەبێ بتوانن ڕێگاو چۆنیەتی ریکخستنی چەکدارانەی خۆیان بدوزنەوە. بە بڕوای ئێمە ئەم چونیتە و ڕێگایە ئەبێ بە رێکخستنی گروپی سیاسی – جەنگی بریەتی بێت لە کرێکارانی ئاگا و لاوانی ڕۆشنبیری ئینقلابیە دەست پێبکات، بەڵام ئەبێ تەواو نهێنیەکان پارێزو و تێدا گونجاو بن. ئەم گروپانە لە هەمان کاتدا کە بۆ ئامانجی لاواز کردنو نابودی دوژمن هجومی چەکدارنە ئەکەن سەریان، ئەبیت بۆ بەرز کردنەوی پلەی زانستی سیاسی جەماوەر دەست بدەنە بەڵاو کردنەوی ئەفکاری ئینقلابی (کومونیستی ڕاستەقینە) تا ڕێگا خوشکەن بو ئامادەو کۆکردنەوی خەڵک لە باری سیاسی و چەکداریەوە، تا جەماوەرێکی وریا و چەکدار بتوانن جەنگ لە گەڵ دوژمن تا سەرکەوتن و دامەزراندنی کومەڵگایەکی

دموكراتیک سەربەخۆ وە بە بێ ئیمپریالیستەکان درۆشمی نان، کار، مەسکەن، ئازادی، تێدا مسۆگەر کرا بێت.

10 چەن تێبینی ئەخەمە بەرچاو:

١ – لە جەنگە خیابانیەکانی ئەم جارە، تەنانەت لە جاران زۆرتر دەوری ژنانی پیشەنگ و خەباتگێڕی ئێران سرنج ڕاکێشتر بوو. ژنان لە هەموو کۆبونەوەکان و خۆپیشاندانەکان ڕەوڵی ڕەنگینتریان هەیە و ووتنی درۆشمی ڕادیکاڵتر لە برابەر هیزە سەرکوتکەر لە ڕێزی پیشەوە بوون. ئەمە گولەیەکە بۆ ناو دڵی ڕەشی دژمن و مژدەیەکە بۆ بە دەست هێنانی ئازادی تەواو کە تەنیا لە کومەڵگای سوسیالیستیدا کە سرووشتی لە گەڵ دموکراسی ڕاستەقینە هەیە، و شایانی جێ بە جێ بوونە. "ژن، دمکراسی، ئازادی."

٢ – تەجرەبە پیشانی داوە کە کاتێک جەماوەر لە چوارچێوەیکی پانوپڕدا هەلسن بۆ خەباتی ئینقلابی و ڕژیمی حاکم ئەکەوێتە کەوتن، کەسانی کە پەیوەندیان هەیە بە چینی چەوسێنەروە تێئەکۆشن، بە درۆوە خویان بکنە پشتیوانی خەباتەکە و دۆستی جەماوەر. ئەمرۆژانە کاتی کە خاتەمیەکان و فلان سیننەماگەرە و ورزشکارکارو کەسایەتیە ناسراوەکانی کە بستراون بە حکومەتەوە، لە کوژرانی ژینای جوان، دلسۆزی و خویان شەرمەندە ئەکەن، ئەمە لە بەر توانایو هێزی ئێوە جەماوەری ڕنجبەر قارەمان و ئینقلابیە. ئەوانە لە دەرجەی یەکەمدا تێئەکۆشن، خویان بە دۆستی خەڵک پیشان دەن تا بتوانن، لە توندوتێژیو ڕقو قینی ئێوە سەبارەت بە کاربەدەستانو نۆکەرانی ڕژیمی نەفامو (جەهل) خوێنمژی کۆماری ئیسلامی دابەزێنن. بە کورتی، هەموو ئەم داشە ناسراوانە هەروەها کەسانێ کە بوونیان گرێی خواردوە بە کۆماری اسلامیەوە و ئەمرۆژانە، بەهر بیانویەک دژی ڕژیمن، و ئەو تاکانەی کە ساختەچین بە ڕواڵەت دۆستن لە گەڵ لایەنە

ڕفورمیستیە ساویلکەن، هەموو تێئەکۆشن کە بخزینە ناو بزوتنەوەی جەماوەرو ڕخنە بکەن تا بتوانن خەباتی ئێوە بە دڵی خویان کاناڵیزە بکەن. ئەمڕۆژانە ئەوانە دەم لە یەکیەتی ئەدەن مەبەستیان هەر ئەوە مەبەستەیە کە لە ساڵی ١٣٥٧دا خومەینی فێڵباز لە ژێر دروشمی "همە با هم" دوپاتی ئەکردەوە. ڕەنجبەرانی کۆمەڵگای ئێمە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن زۆر پێویستیان بە یەکیەتیە و ئەبێ بتوانن لە ڕێزێکی یەک گردودا، دژی دوژمنانیان بجەنگن. بەڵام پەیوەنەی لە گەڵ هێزەکانی جیاواز لە خەڵک هێزی "همە با هم" جگە لە تێشکانی بێ ئامانجی ئاکامێکیتری نیە.

٣ ــ لە کاتێکدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تلویزیونی "من و تو" و "ایران اینترناشناڵ" لە دەرەوەی وڵات بە پروپاگەندای درۆ لە بارەی ڕەزا شا و هاوکات دوژمنانی خەڵک لە ناو ئێراندا، بە ناردنی بەسیجی و جاسوسەکانی ئیتلاعات، بۆ ناو کۆبونەوەکانی دژ بە حکومتی جەماوەر بۆ ئاسای کردنی درۆشمی "رضا شا ڕۆحت شاد" تێئەکوشن تا بی سەلمێنن کە خەڵکانی ئێران داوکاری ڕژیمی پادشایەتی نفرین کراوی پەهلوین، پژواکی "مەرگ بۆ سەتمگەر چ شا بێت چ ڕهبر" و "مەرگ بر دیکتاتۆر" لە لایەن جەماوەری ئێنقلابی لە خۆ پیشاندانەکانی ئەم دوایانەدا، لە لایەکەوە، هیمای هۆشیاریو بەرزبونەوەی ئاگا و فامی جەماوەری نەترس و قارەمانی ئێمەن و لایەکیتروە وەڵامێکی ددان شکێنە بۆ تەقالای بێهودەی ئەو کۆنەپەرستانە.

٤ ــ تێبینێکی دیارتر، درۆشمە و ووتوێژەکانە کە بە شانازیەوە، یەکیەتی ئینقلابی لە نێوان خەڵکەکانی ئێراندا پیشان ئەدا، وەک یەکێ لە درۆشمانە "آذربایجان اویاخدی، کوردستانا دایاخ دی" واتا "ئازەربایجان وشیارە، پشتیوانی کوردستانە" یا "از کوردستان تا تهران، ستم علیه زنان" یا "کوردستان، کوردستان، چشم

چراغ ایران" که له شاری ڕەشت، وترا. ئەم درۆشمانە هەموو یەکگرتوی نیوان خەڵکەکانی ئێرانیان نیشانداو وەڵامێکی ددان شکێنە بۆ ناسیونالیستەکانی بەرچاو تەنگ کە لە دەورانی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا لە هەر فرسەتێک بۆ بەڵاوە پێکردنی جەماوەری ئێران تێکۆشاون.

١١ – لە دوایدا، حەزەکەم پێداگرم کە یەک گرتنو چەک هەڵگرتن تەنیا ڕێگای خەباتە بۆ ڕزگاری جەماوەری لە بەند کراوی ئێران لە تەنگوچەڵمەی دەسەڵاتی ئیمپریالیستەکان و سەرمایەدارەکانی ناووە هەر وەها کۆماری ئیسلامی. بە هیوای او ە خەباتی دلاوەرانە ئیستا کە قارەمانیو فداکاریەکانی شیاوی ڕێزلێ گرتنە بەم مەبەستە و گەیشتن بە سەرکەوتنی هەتاهەتایی ڕچەشکێن بێتو بڕواتە پێشەوە.

سەرئەنجام سەرکەوتن بو جەماوەری لە بندکراوی ئێمە و سەرشۆڕی و تێشکاوی و پەستی بو دوژمنانمان.

**ئەشرەفی دێهقانی**

**خەرمانانی ١٤٠١**